# مانگی ئایار، مانگی ماڵئاوایی لەپیری سیاسی.

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

پێویستە ئێمە جێ بەپیرەکان لەق بکەین، پێویستە بچینە شوێنی ئەوان..(فرانک زابا)

ڕاپەڕینی ئایار 1968 لەڕۆژئاوادا، لەلایەن زۆربەی بیرمەندو سۆسیۆلۆژیەکانەوە بەشۆڕشۆچکە لەقەڵەمدراوە،سەرەڕای ئەو پێناسەیە وتێپەربوونی زیاتر لەچل ویەک ساڵ بەسەر ئەم ئەزمونەدا، هێشتا ئەم ئەزمونە جێگەی سەرنج و گفتوگۆی هەمەلایەنە. ئەم ڕاپەڕینە یەکێکە لەوئەزمونە گرنگە مێژوویانەی کەدەم وچاوی ڕۆژئاوای لەڕۆژئاوایەکی کۆنزەڤاتیفەوە بۆ ڕۆژئاوایەکی کراوە وشەفاف گۆڕی. لەوانەیە گرنگترین خاڵ لەگوتارێکی ئاوەها کورتی ڕۆژنامەنوسیدا،بەراووردکاری وسوود وەرگرتن بێت لەم ئەزمونە دەوڵەمەندە. گرنگترین خاڵی قورسیش لەم ئەزمونەدا، ئەو زەمینەی کولتوری ڕەخنەیە،کەڕێخۆشکەر بوو بۆ زۆرانبازی ڕاستەوخۆی نێوان دووجیهانبینی جیاواز،جیهانبینی پیرەکان وجیهانبینی گەنجەکان. جیهانبینی پیرەکان دنیای پیرەسیاسیەکانی جەنگی جیهانی دووهەم بوو،کەدەسەڵاتی سیاسیان وەک دەستکەوتی جەنگ لەدەستدابوو،ساڵانێکی دوور ودرێژ بوو بەناوی نەتەوە وکولتوری نەتەوە وئەمنی نەتەویی، سوستێمی ئیداری وسیاسی وکۆمەڵایەتیان لەژێر چەتری خۆیاندا سنووردارکردبوو. لەبەرامبەر ئەوەدا جیهانبینی نەوەی دوای جەنگی جیهانی دووهەم بەسیاسەتمەدار وبیرمەند وڕۆشنبیرەکانیەوە جیهانبینیەکی گەنج بوو،خەونی فراوانکردنی سنورەکانی ئازادیان کربووە ئامانجی کارەکانیان. گفتوگۆ ومومارەسەکردنی ڕەخنە لەهەموو بوارەکاندا،ئەو کولتورە بوو زۆربەی چین وتوێژە جیاوازەکانی لەیەکتر نێزیکردەوە، زیاتر لەبیست ساڵ بەسەر جەنگی جیهانی دووهەم تێپەڕ بوو،لەگەڵیشیدا ئەم کولتورە ڕەخنەییە پەرەی دەسەند، لەناوەڕاستی شەستەکاندا گەیشتە ئاستی زۆرانبازی ڕاستەوخۆ.

دەسەڵاتی پیر لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە،بەتایبەت لەفەرەنسا،خۆی بەپاڵەوانی ڕزگارکەری نیشتمان دەبینی، (ژەنرال دیگۆل) وپارتەکەی کەبە(دیگۆلیەکان) ناودەبران، خۆیان بەمیراتگری هەموو نیشتمان وکۆمەڵگە تێدەگەیشتن. شەڕکەرە براوەکان مۆنۆپۆڵکردنی هەموو ووردەکاریەکی ژیانیان کردبوو. لەئەڵمانیاشداچیرۆکەکە بەجۆرێکی تر بوو،نازیەت تێکشکابوو،توێژێکی سیاسەتمەدار بەیارمەتی ئەمریکایەکان لەئەڵمانیای ڕۆژئاوادا هاتبوونە نێودەسەڵاتەوە،بەڵام هێشتا بیروکراتیەتی ناسیونال سۆسیالزم وڕابوردوو،تەنانەت زۆر لەفەرمانبەرە گەورەکانی نازیەتیش هەر لەنێو دەسەڵاتدا مابوونەوە. بەمجۆرە پرسیاری ژیان وکار وئازادی سێکسواڵی وجەنگی ڤێتنام، بیرمەندان وخەڵکانی هوشیاری بەخۆیەوە سەرقاڵکردبوو. پرسیارەکە ئەوەبوو: ئایا ژیان بەپێی ئەم قاڵبە کۆنینانەی کەناسیونالیەت وکۆلۆنیالیزەکردن ونەفەسی جەنگ دایڕشتوە،توانای بەردەوامی هەیە؟، ئازادیەکان چۆن پێناسەبکرێنەوە وشوێنای مرۆڤی دوای جەنگی دووەهەم چیە لەنێو ئەم جۆرە ئازادیانەدا؟ ئایا مانەوەی حکومکردنی پیرەسیاسی بەناوی ناسیونالیست و پیرۆزەئاینی و کۆمەلایەتیەکانەوە ڕێگر نیە لەبەرامبەر پەرەسەندنی کۆمەڵگە؟..ئەمانە وزۆر پرسیاری دیکە لەهەموو بوارەکانی فیکر وئەدەب وفەلسەفە وسیاسەت وموزیکدا،بوونە دیباتەیەکی فراوان. ئەم گفتوگۆیە پێگەیشتنێکی دیالەکتیکی بەخۆیەوە

بینی،لەدیباتەی کولتوری نوسین وقسەکردنەوە گوازرایەوە بۆ شەڕی شەقامەکان،لەدواجاردا بۆ کاری سیاسی وبۆ کارکردنی ساندێکایی. بەگشتی بۆ کارکردنی کردەیی گۆڕینی پڕنسیبە کۆنزەڤاتیفەکانی وەک ناسیونالیەت وسێکس وپرسەکانی دیموکراتی.

من پێموایە ئەم ڕێخۆشکردنە کولتوریەی پێش ڕاپەڕینی شەست وهەشت خاڵێکی گرنگە کەدەتوانین لەگەڵ باری ئەمڕۆی بەرەو پێشچوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆشنبیری وکولتوری ڕەخنەیی کوردیدا بەراووردی بکەین. ئەمرۆ لەکوردستاندا ئازادیەکی دیاریکراو بوونی هەیە، بێگومان ئەمە سەروەری دەسەڵات نیە،بەڵکو ئەمە سروشتی پێگەیشتنی خەڵکی کوردستانە کەشەڕێکی درێژخایەنیان لەدژی دیکتاتۆریەت کردووەو قبوڵکردنی دیکتاتۆرێکی دیکە ناکەن. ئەمڕۆ ڕۆژنامەکان بەپێی پێویست ڕۆڵی خۆیان لەژیانەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا بینیووە. ڕەخنەگرتن لەبازنەی ڕۆشنبیرانی جیدیەوە گوازراوەتەوە بۆ نێو ڕەخنەی ڕۆژنامەنوسان وخەڵکی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ئازادەکان تەعبیر لەخۆیان دەکەن. لەهەمووی گرنگتر لەم پڕۆسەیەدا تێک وپێکشکاندنی موقەدەسە بەهەموو فۆرمەکانیەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا کێشەوململانێ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە چۆتە نێو دام ودەزگاکانی حکومەتەوە.بەمشێوەیە ڕەخنە لەکوردستاندا ئەو میتۆدەیە کەمرۆی کوردی خستۆتە بەردەم هەڵبژاردنی سەخت لەنێوان دووکولتوری سیاسیدا، (کلتوری پیرەموحافزکارەکان ) و (کولتوری نوێخوازی گەنجەکان) .

اران (پیری سیاسی کوردی) و سێکتی مەلایەکانی، لەڕەخنە نەدەترسان. ئەوانی زاخاودراو بەبیری ێڵەکی و وەسوەسەی ئیسلامەویەت وخێڵەکیەت، لەتەکیە حیزبیەکانی خۆیاندا، ڕەخنەیان بەقسەی ەم ڕووت) پێناسەدەکرد. پیری سیاسی لەزمانی تفەنگ وبڕنەوە قەدیمەکان نەبێت بڕوای ەزمانەکانی دیکە نەبوو، کەبتوانێت دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیاری ڕاستەقینەوە. ئێستا پیری سیاسی وردی لەوە تێگەیشتووە کەڕۆژنامەکان تەنها بۆ مەئمورەکان نین ومنەوەرەکانیش تەنها بەشێکی کەم ین،تەنها لەچاپخانەکاندا قسەبکەن. ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لەزمانی ڕۆژنامەنوسان وڕۆشنبیرانی ەخنەگرەوە تەعبیر لەخۆی دەکات. ئەمڕۆ وەهمەکان وەک تەمومژ ڕەوینەوە،بەرە سیاسی ڕۆشنبیریەکان لەماوەی کارکردنی ئەم چواردەساڵەی ڕۆشنبیرانی ئەکیتڤیست و سیاسەتمەدار و ۆژنامەنوسانە ڕاستەقینەکاندا، بەرەو هێڵی جیاکەرەوە خۆی ئاڕاستەخواز کردووە. وەک هەموو اوتێکی کولتوری خەریکە ئۆپۆزسیۆن، دەم وچاوێک بۆ خۆی دەنەخشێنێت. ئەمڕۆ وەهمەکانی بەناو ۆسیال دیموکرات وشیوعیەت وسۆسیالست ودیموکراتخواز وکوردایەتی ڕەسەن، هەمووویان ئاشکرابوون ەم وچاوی ڕاستەقینەیان دەرکەوتووە. هەموویان لەبەرەی کۆنەخوازی سیاسی وخێڵەکی وئیسلامەویدا ۆیان دەبیننەوە. لەسیناریۆی ئێستادا: مەلاسیاسیەکان، ۆنەجاشەکان،فایلدارەکان،ئەنفالچیەکۆنەکان،گەندەڵەکان،پیاهەڵدەرەکان،نیمچەنەخوێندواری نێو ۆژنامەکان، خێڵەکیەکان، پارێزەرانی شەرف وناموسی شەرعی،تائیفیەکان وزۆری دیکە.لەبەرەی ەسەڵاتدان. ئەمانە بەرەیەکی قایمن بۆ پشتگیرکردنی دیسپۆتیزم بەهەموو فۆرمەکانیەوە و دوا الاکیشیان کۆکردنەوەی 472 ئیمزایە لەلایەن مەلاو ئیسلامەویەکانی زانکۆوە، بۆ زیاتر سانسۆر کردنی ازادی بیروڕا تەنانەت بۆ سانسۆرکردنی خەیاڵی ئەدەبیش.. ئەم بەرەیە بەیەکگرتنەوەی ستراتیژی ارتی ویەکێتی دوائەڵقەی خۆی تەواوکردووە. لێرەوە هەموو کەس دەزانێت کێ لەگەڵ کێهادا مامەڵە ەکات، کێش لەگەڵ کێهادا دەستی تێکەڵکردووە. خاڵی پۆزەتیفی ئەم یەکگرتنەوەیە تەنها لەودانیە ەجارێکی دیکە ئەم دووانە لەگەڵ یەکدیدا بەشەڕ نایەن، بەڵکو لەوەدایە کەهێڵی جیاکەوەرو

ەمەکانی نێوان ئەم دووانە بەتەواوەتی ڕەوینەوە. ئێستا پارتی ویەکێتی خۆیان لەسەر یەک زەوی
اوبەش دەدۆزنەوە کەزەوی دەسەڵاتێکی گەندەڵی وکۆنزەڤاتیڤی خێڵەکی و توێکڵ ئیسلامەویە. بێگومان
ارتی لەم یاریەدا براوەی یەکەمە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، پارتی ئینکاری لەڕەگەکانی
ۆنزەڤاتیفیەتی خۆی ناکات،بەڵام ئەمە دوا ماسکی یەکێتیە لەم پرۆسەیەدا دەکەوێتە خوارەوە ودەم
چاوی ڕاستەقینەی خۆی نیشانی نەوەکان دەدات. یەکێتی ساڵەهایە نەوەکانی بەخۆیەوە
ەرقاڵکردووە وهەڵیاندەخەڵەتێنێت، تاوێک ماسکی مارکسیزم بەخۆیەوە دەکات،تاوێک بەناوی ماسکی
وردستانی بوون،وتاوێکیش بەناوی سۆسیال دیموکرات پەیمانگا دەکاتەوە ولەم دوایەشدا بەناوی
ۆدێرنەوە قسەی دەکرد. ئەم ڕوون بوونەوەی بەرە جیاوازەکان زەمینەیەکی ڕێخۆشکەری کولتوریە بۆ
ئۆپۆزیسیۆنی داهاتوویی کوردی، لەئێستاشدا شەڕی کولتوری ڕەخنە قوڵتر دەکاتەوە.
ن پێموایە کولتوری ڕەخنە، کولتورێکی گەنجانەیە. جا ئەگەر هاتوو ڕەخنەگرانی کولتوری لەڕووی
ەستەیشەوە سەدساڵ تەمەنیان بێت. ڕەخنەگران لەئەزمونی تاڵی خۆیان لەگەڵ ناسیونالستی کوردی
سێکتی مەلاسیاسیەکانەوە، تەعبیر لەخۆیان دەکەن. ڕاستە ئەم پانۆرامای کولتوری ڕەخنەیە
ەئاماژەم پێدا خاوەن ئیشکالیەتی خۆیەتی، هەر لە نەبوونی بەرنامەی سیاسیەوە بیگرە تاوەکو
ەمومژی خەیاڵبەندی بۆ فۆرمی دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن وئەڵتەرناتیڤی سیاسی لەکوردستاندا. ڕاستە
ەم مومارەسەی ڕەخنەیە هێشتا نەیتوانیوە ئەڵتەرناتیفی سیاسی بەرهەمبهێنێت،بەڵام لەماوەی ئەم
ڵانەی دوایدا لەهەموو بوارەکانی سیاسەت وکۆمەڵگاوئەدەبدا گەشەی بەخۆیەوە بینیوە،بەمانای
اوەنی ئەزمونی خۆیەتی، ئەم ئەزمونەش لەکەڵەکەبوونیدا زەمینەیەکی فراوانی بۆ جوڵەی سیاسی
ێکهێناوە. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە سیاسی وکولتوریە ئێستا لێرەو لەوێ لەقۆناغی گربوونەوەدایە،قۆناغێکە
ۆرێکە لەفەوزا،بەڵام وەک هەموو بزواتێکی کۆمەڵایەتی داهاتووی بۆخۆی بردۆتەوە.
لەسەرێکی ترەوە دۆزی ڕەخنە بەهەموو کێشەبەندیەکانیەوە،فیگورێکی جیاوازی بەرهەمهێناوە.
جیاواز لەو هەموو فیگوریانەی وەک قەرەقۆز بەپەنجەی پیری سیاسی نێو دەسەڵات دەجوڵێنن، لەژێر
سێبەری بەڵێ گوتن وموقەدەسدا تەعبیر لەخۆیان دەکەن. فیگوری جیاواز ئەو کەسەیە دنیای خۆی
دەخاتە ژێرپرسیارەوە ونایەوێت ببێت بەقەرەقۆزی دەسەڵات، نایەوێت چیدی بەمزدە خۆشنودیەکانی
سەرکردە ئەبەدیەکان هەڵبخەڵەتێت. ڕازی نیە بەژیانی لەژێر سێبەری پیری سیاسیدا، ڕەخنە
دەگرێت ونەخێرگۆیە. ئەمڕۆ پیری سیاسی خۆی لەنێو مانگدا دەبینێت وڕەخنەش بەوەڕینی سەگ،
بەڵام گەنجی سیاسی بەچاوی ڕەخنەوە لەژیان دەڕوانێت، خۆی لەسەر زەویەکی بەپیت دەبینێتەوە.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کەپیری سیاسی پیری تەمەن و جەستە نیە، بەڵکو پیری
جیهانبینیە، خۆبینینە لەنێو مانگ،پیری سیاسی مانای ڕاگیرکردنی ژیانە لەچەقێکی دیاریکراودا.
پیری سیاسی ڕقی لەڕەخنەیەو بەرهەمهێنی کولتوری قەرەقۆزەکانە وکەیفی بەو قەرەقۆزانە دێت
کەبەردەوام خەریکی ڕازاندنەوەی دەم وچاوی خێڵەکیەت وئیسلامەویەتن. زۆرانبازی ڕاستەوخۆ
لەنێوان ئەم دوو هێزی پیروگەنجە لەوکاتەوە دەستپێکردووە،کەهێڵی گفتوگۆو دیباتە لەنێوانیاندا
پچڕاوە. ئیدی پێش ئەوەی مەترێز وسەنگەر بەکردەیی لەسەر شەقامەکان بەرامبەر یەکتری
دابنرێن، پێش ئەوە لەنێو خەیاڵبەندی منی کۆمەڵایەتیدا ئەم مەتەرێز وسەنگەرانە دروست بوون.
جێگەی داخە بڵێم ئێستا هیچ حونجەتێک نەماوەتەوە بۆ هیچ کەسێک لەکوردستاندا جگە لەوەی
پرسیاری ئەوە لەخۆی بکات: خۆم لەکامە مەتەرێزدا دەبینمەوە، ئەوەی دەسەڵات یان ئەوەی
ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵگەی مەدەنی؟...

ئەزمونی مای شەست وهەشت، ئەزمونی دروستبوونی ئەو مەترێز وسەنگەرانە بوون لەخەیاڵبەندی ڕۆشنبیراندا، کەلەدوایدا ئەو مەتەرێزانە بەکردەیی لەسەر جادەکان دانران. ئەو زەمەنە خوێندکارانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا داوای ئازادکردنی پەیوەندی نێر ومێینەیان کرد، داوای تێکەڵبوونی بەشە ناوخۆیەکانی کچان وکوڕانیان کرد. زۆر لەخوێندکارانی کوڕو کچ وەک بەرگریەک دژی پاتریارکیەت وسوستێمی کۆنەخوازی پەروەردە،وێنەی ڕووتی خۆیان لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکانیاندا نیشاندا. ئەمە مەترێزی ئازادی جەستە بوو لەدژی پیری کۆنزەڤاتیف. لەو چرکە ساتەوە کولتوری جەستەی ئازاد لەئەوروپادا وەک فۆرمێکی کولتوری سەریهەڵدا نەک وەک فۆرمێکی پڕۆنۆگرافی. هەروەها گۆڕینی پڕۆگرامی خوێندن وپەیوەندی نێوان مامۆستا وخوێندکار لەسەر بنەمای ئەو ئازادیە فراوانە، سەنگەرێکی دیکەی شەڕی خوێندکاران بوو.

مەترێزەکانی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان،مەترێزی قوربانیەکانی پیری سیاسی وپارێزەرانی سونەت وشەرعن. خوێندکاران یەکەم قوربانی پیری کۆزەرڤاتیفن،کولتوری پیر لەسوتێمی پەروەردەدا باڵی دیسپۆتی بەسەر ئازادی کیژان ولاوانی خوێندکاری کوردا کێشاوە، پەیوەندی نێرو مێ لەژێر سایەی پیری سیاسی و پاسەوانانی شەرفدا ڕۆژ بەڕۆژ ئاڵۆزتر ونەخۆشانەتر هەنگاو دەنێت..ئەم زۆرانبازیەی لەمای 1968 لەخوێندکارانەوە سەریهەڵدا، هەر وەک نارەزایی خوێندکارانی لای ئێمە،ئاوەها لێرە ولەوێ دەستیپێکرد،هەر لەزۆرانبازی نێوان مامۆستا وخوێندکاران لەهۆڵەکانەوە دەستیپێکرد تاوەکو گەیشتە سکاڵا بەرزکردنەوە ولەترۆپکیشدا گەیشتە گەڕەلاوژە وبەرەنگاربوونەوە. لەکوردستانی ئێمەشدا بڕینی پرچی کچەقوتابیەکان وخۆسوتاندنی هەندێک وشەڕی بەردەوامی نێوان مامۆستاکۆنەخوازەکان وخوێندکاران،و ئیمزاکۆکردنەوەی مەلا و هەندێک لەمامۆستاکانی زانکۆ لەدژی ئازادی چاپەمەنی و ئازدی بیروڕا، تەعبیرە لەو قەیرانە قوڵەی زانکۆ وسوستێمی پەروەردە پێوەی دەناڵێت.

لەئەڵمانیادا خوێندکاران کێشەی سیاسی ومێژووی گەورەیان لەئەستۆدا بوو، دەبوایە چەندەها مەترێزی دیکە لەخەیاڵبەندی کولتوریاندا تاوتوێ بکەن. جگەلەداواکردنی ئازادیەکانی جەستە وسێکس وگۆڕینی پڕۆگرامی خوێندن، کێشەیان لەگەڵ ڕابوردوودی خۆیاندا هەبوو، کێشە لەنێوان نەوەی کۆنی جەنگی جیهانی دووهەم ونەوەی گەنجانی دوای جەنگ، لەڕاپەڕینی ئایاردا گەیشتە ترۆپکی ململانێ. نەوەی ئەڵمانی دوای جەنگ توانیان بچنە نێو ووردەکاری یەکلاکردنەوەی ڕابوردوو،بەهەزارەها ئەرشیف ودۆکۆمێنتیان لەسەر ئەو نازیە دێرینانە کۆکردەوە کەهێشتا لەدوای جەنگیش مومارەسەی ژیانی وەزیفی خۆیان دەکرد. شەڕی ئەوان شەڕی بەزاندنی وێنە ناشرینەکانی ڕابوردوو بوو، پرسیاری نەوەکانی دوای جەنگ لەدایک و باوکەکان ئەوەبوو: بۆچی بەحوکمی نازیەکان ڕازیبوون؟، بۆچی دەنگیان بەخشی بەناسیونال سۆسیالزم؟، بۆچی بێدەنگ بوون لەبەرامبەر هۆلۆکۆست؟...هتد. بەمشێوەیە خوێندکاران ڕۆڵێکی گرنگیان لەشڵەقاندنی گۆمی وەستاوی پیری سیاسیدا بینی، لەزۆر سەنگەرەوە پەلاماری پیری سیاسیاندا. خوێندکاری کوردی ئێستا بەرامبەر هەموو پاشماوە مێژوویەکانی ئەنفال وڕابوردووی بەعس دەبنەوە،بەجۆرێک ئەم پاشماوانە لەهەموو کون وکەلەبەرێکی ئیدارە وپەروەردەدا ئامادەبوونێکی ترسناکی هەیە، بۆ ئەمەش خەیاڵبەندی سیاسی پێویستی بەچەندەها سەنگەر و مەتەرێزی نوێ هەیە .

دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی یەکەمی گوتارەگەم وسەرنجی خوێنەری ئازیز بۆ ئەوە ڕادەکێشم کەپێش ئەوەی ئەم پرسانەی 1968 ببن بەڕاپەڕینی خوێندکاری وسەندیکایی، پرسیاری کولتوری بوون.

پرسیاری گرنگی قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرت بوون، ئە وپرسیارە فەلسەفیانە بوون لەنێو هەناوی نەوەی جەنگی جیهانی دووهەمدا سەریانهەڵدابوو. ئەو بیرمەندانەی وەک ئادۆرنۆ وهابرماز وماركۆز وسارتەر وكامۆ چەندەها دیکە زەمینەی دیباتەیەکی گەورەیان بۆ ئەو ڕاپەڕینە خوڵقاند. ژان پۆڵ سارتەر خۆی نمونەی ئەو ڕۆشنبیرە چالاکەبوو کەبۆپشتگیری ڕاپەڕینی خوێندکارانی ئەڵمانیا گەیشتە شتوتگراد ولەوێ لەسەر تەنەکەیەک ڕاوەستاو گوتاری بۆ خوێندکاران خوێندەوە. سیمۆن دۆبۆڤوار کاریگەریەکی جوانی هەبوو لەسەر پرسیاری فیمینیستی و ئازادکردنی جەستەی مێینە وپەیوەندیەکانی نێوان نێرومێ.. موزیک ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەم بزواتەدا، بە تایبەت بۆ پشتگیریکردن لەجوڵانەوەکانی دژی جەنگی ڤێتنام لەئەمریکا وئەوروپادا. موزیکی ڕۆکن ڕۆڵی باندی ( ڕۆڵن ستۆن) بوو بەبەشێک لەو بەرگریکردنەی نەوەی نوێ لەشوناسی خۆیان. لۆگۆی (زمان درێژکردن) لەهەمو شوێنکدا دەبینرا، لۆگۆی مۆسیقای ڕۆک بوو کەزمانی لەکۆمەڵگەی پیر و موحافزکارەکان درێژ دەکرد. گۆرانی (جەنگاوەری شەقام) ی باندی (ڕۆڵن ستۆن) بوو بە کۆنسێرتی دژی شەڕی ڤێتنام. بوونی جیڤارا وەک سومبۆلێک بۆ شۆڕش وئازادی گەلان تێکەڵی ئەو کەش وهەوایە بوو، ئەمە جگەلەوەی گوتار ودیباتەی نێوان بیرمەندانی قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرت وخوێندکارانی ڕاپەڕیوی زانکۆکان هێزێکی گەورەی بەخشی بەگۆڕینی کەش وهەوای سیاسی لەئەوروپادا. دیارە پرسیاری نێوان تیۆرە و پراکتیك، خەون و واقیع،ئایدۆلۆژیا ویۆتۆبیای ڕۆمانسیانە،چەپ ودوژمنکاری،کرانەوەوسێکسواڵیەت ودەسەڵاتخوازی، دەوڵەت و جەماوەر، کۆمەڵگەی گەندەخۆری شمەکخواز و مرۆڤی تاك ڕەهەند و زۆر پرسیاری دیکەی فیکری وفەلسەفی ئەو زەمینە کولتوریە دەوڵەمەندە بوون کەڕێخۆشکەر بوون بۆ ڕاپەڕینی مای 1968.

ڕاستە گەنجی سیاسی کوردی ئەو زەمینە دەوڵەمەندە کولتوریەی لەبەردەستدانیە کەبتوانین بەراووردی بکەین لەگەڵ ئەم ئەزمونەدا، بەڵام شتروکتور وپێکهاتەی دنیای نوێ، ئەو ئەزمونە لەئەزمونێکی تایبەت بەڕۆژئاوا دەکاتەوە بەئەزمونێکی مرۆڤایەتی کەهەمووان سوودی لێوەربگرین، چ نەبێت دەتوانێت ئیلهام بەخشی ڕۆحێک بێت کەلەڕەخنەگرتن وململانێ هیلاک نەبێت. بەپێی توانا لەم چەندساڵەی دوایدا لەمەنفاو لەنیشتمان تێکستی ڕەخنەیی و فیکری و پرۆژەی کتێب ورۆمان وچیرۆک ودیالەکتیکی گفتوگۆ بەرهەمهاتووە. ساڵانێکی دووردوێژی ئەزمونی خەباتمان لەدژی فاشیەت لەبەردەستدایە، ئەم کەڵەکەبوونە ئەمرۆ بۆتە پشتەوێنە ومۆتیڤی زۆرانبازیەکان، لەم خاڵەدا ئێمە لەگەڵ مای 1968 دا یەکدەگرینەوە.

بەدیویێکی دیکەدا نەوەی نوێی کوردی ئەمرۆ لەبەرامبەر هەمان پرسیاری نەوەی نوێی ئەڵمانی دوای هۆلۆکۆست دەبێتەوە. هەر لەیەکلاکردنەوەی پرس لەگەڵ نازیەکاندا تاوەکو بێدەنگی پیری سیاسی لەبەرامبەر هۆلۆکۆست،تاوەکو دەگاتە ناسیونالیستی کولتوری وێرانکەر وگەندەڵ. پرسی یەکلاکردنەوەی ڕابوردوو لەگەڵ کولتوری بەعسدا، پرسی گەنجی سیاسی کوردیە لەبەرامبەر پیری سیاسی کەوێنەی خۆی لەمانگی ئەبەدیەتدا دەبینێتەوە. یەکلاکردنەوەی هەموو نهێنی ئەفسانەی (جەنگاوەرە دێرینەکان)ە، پرسی ئەو فایلدارانەیە کەهێشتا لەترۆپکی دەسەڵاتدان وبەچەپڵەکراونەتەوە بەنێو پرۆسەی سیاسیدا. پرسی گەندەڵی لەئەزەلیەتی شۆرشەوە تاوەکو ئێستا، پرسی فراوانکردنی ئازادیەکانی جەستە وئازادی نێوان نێرومێنەیە، ئەمانە هەموو ئەو پرسانەن لەڕێگەی گەنجی سیاسیەوە بەسەختی بەرامبەر پیری سیاسی دەبنەوە. لەقۆناغێکی دیکەدا ماڵئاوایی لەپیرەکان، لێپرسینەوە ودادگایکردنی پیری سیاسی وپیری فایلدار وپیرە گەندەڵەکان،

ئەرکێکی دیکەی ئەم نەوە نوێخوازە ڕەخنەگرە دەبێت. دەسەڵاتی پیر ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر کورسیەکانی کۆنەخوازی وکۆنزەرڤاتیفیەتی خێڵەکی و ئیسلامەویەت وەنەوز دەیباتەوە. خۆی لەنێو مانگدا دەبینێت، بەڵام ئاگای لەوەنیە کە لەپشت کورسیەکانەوە ولەسەر زەوی نەوەیەکی دی خۆی ئامادەکردووە، نەک هەر ڕەخنەدەگرێت، بەڵکو بۆ قلْپکردنەوەی ئەو لەسەر کورسیەکەی، بۆ بەردانەوەی لەسەر مانگی ئەبەدی ،خۆی ئامادەکرووە. ئەمە ئەم وانە گرنگەیە کە لەڕۆحی ڕاپەڕینی مای 1968 وە فێری دەبین.

نورنبێرگ 3. Mai 2008

چەند فۆتۆیەک تایبەت بەم بابەتەوە:



لۆگۆی (زمان درێژکردن) لەپیرەکان، لۆگۆی باندی تیپی (ڕۆلن ستۆن) .



جیڤارا، سارتەر ، سیمۆن دۆبۆڤوار. 1960



مینی ڕۆک (تەنورەی کورت)، موزیکی ڕۆکن ڕۆڵ و ئازدی جەستە مۆتیڤەکانی 1968 بوو بەرامبەر کرانەوە.